ڕێکار ئەحمەد سکرتێری حزبی ڕزگاری کوردستان:

حزبی ئۆپۆزسیۆن باوەڕی بەخۆی نیە بۆیە گلەیی لە دەسەڵات دەکات کە بەشی نادات

حزبی ڕزگاری کوردستان لە ڕێکەوتی 1993/8/15 بەیانامەی ڕاگەیاندنی خۆی بڵاوکردۆتەوە و دریژەپێندەری خەباتی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانە. لە 1995/11/15 یەکەمین کۆنگرەی لە ژێرزەوی/ بەرەو ڕزگاری و سەربەخۆبوون/ گرێداوە. لە 2004/10/14 دووەمین کۆنگرەی سازداوە بەناوی/ میانڕەوی سواری بادینان/ و خاوەنی ماڵپەڕی نیشتەرێنە و نەو بڵاوکراوانەشی بە چاپ گەیاندووە: ڕۆژنامەکانی/ ڕێگای ڕزگاری، ڕۆژی گەل/و گۆڤاری/ پێشەنگ/. ڕۆژنامەی جەماوەر تەمەنێ هەندێ پرس، دیدارێکی لەگەڵ بەڕێز/ ڕێکار ئەحمەد/ سکرتێری حزب سازاوە:

سازدانی دیدار: ڕێبواری نازادی
ڤۆتۆ: ڕێبوار

• ڕۆژهەڵاتی دەستەواژەی حزبی بچووک دەبێستین، ئایا ئێوە چەند بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە شیاوە و حزبە بچووکەکان تا چەند کارێگەرییان هەیە لە سەر ڕەوتەی سیاسی ئەم کوردستانەدا؟

سەرەتا من دەستەواژەی حزبی بچووک و حزبی گەورە ڕەتدەکەمەوە، دەتوانین بڵێین حزبی هەژار و حزبی دەوڵەمەند، چونکە بەڕوای من ئەگەر هێزی دارایی نەبوایە ئەم حزبانە گەورە نەدەبوون بەمشێوەیە، پێموایە هەموو حزبێکیش کارێگەری خۆی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی هەیە، هەر ڕێکخراوێکی سیاسی ئەگەر بیرۆباوەڕێکی تایبەتی خۆی هەبێت، هەڵوێست و ڕامانی لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکان هەبێت، کارێگەری خۆی دەبێت، بەڵام ئەو ڕێکخراوانەی کە لاسایی ڕێکخراوێکی تر لە بواری تایدیۆلۆژیا و هەڵوێست دەکەنەوە، خۆی لە خۆیدا بێ کارێگەرە. ئەوانەی کە پێشیان وایە بە دەستەواژەی خۆیان حزبی بچووک کارێگەری نیە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تایدیۆلۆژیایەکی تۆکمە و لەخۆ ڕانەدیتن و باوەڕ بەخۆنەبوون.

• دەتگۆیەک هەیە کە هەندێک لەو حزبانە خۆیان هەڵنیشتنەوە و بچنە نێو حزبە گەورەکان؟

هەر ڕێکخراوە و بۆ خۆی بەڕەسپێرە لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆی، بەڵام من بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر ڕێکخراوێکی سیاسی لە قۆناغێکی میژووییی پێکهێنراییت و مەبەستیش خزمەتکردن بە چینێک یان تەختەوبەیەک بێت، ئامادە نابێت لەژێر گوشارەکان بچەمێتەوە و بۆ ناو لایەنەکانی تر بڕوات، بە کورتی حزبی خۆرسکی میژوویی لێکدانەوە و هەڵوێستی جیاوازی لەگەڵ حزبە دەستکردەکان هەیە، بەداخەوە لە ئاکامی شەڕی ناوخۆ و سەرهەڵدانی دوو شەڕەبیی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، حزبە دەوڵەمەندەکان یا حزبە دەسەڵاتدارەکان دەستیان بە درووستکردنی حزب و حزبیرکە کردەوەی ڕۆژهەڵاتی نەرێنیان لەسەر حزبەکانی هێڵی سێیەم هەبوو، سەبەستیان لە درووستکردنی حزبێکە بۆ ڕاگرتنی پارسەنگ و هەڵوێستی تایبەت بەخۆیان بوو، هەروەها بۆ پێشاندانی لاسەنگی حزبەکانی هێڵی سێیەم بوو، بێگومان حزبە دەستکردەکان لە سەنگەرگیری و لاگیربکردنیان لە شەڕی نێوخۆ هەم خزمەتێکی زۆریان بە حزبە دەسەڵاتدارەکان کرد، هەمیش چەواشەکارییان لە بارامبەر جەماوەردا پێیانە کردەوە، هەروەک هەردوو لایەنە ناکۆکەکە ئاشت بوونەتەوە و یەک هەڵوێستی دەنوێنن و بە لیستی هاوبەش داوەبەزن، وائای شەوانبوونی ڕۆڵی حزبە دەستکردەکان، دەگەیەنێ، شەمەش ئاماژەیان دەکات کە باسی هەڵسوشانەوەی حزبە بچووکەکان بێتنە گۆڕێ و پاساوی ئەوە بهێننەوە کە ئەم حزبانە کارێگەرییان لە گۆڕەپانی سیاسیدا نیە، دیسانەوە بەم هەنگاوەیان دەیسانەوێ خزمەتێکی دیکە بەدەسەڵاتداران بکەن و چەواشەکارییەکی دیکە لە بارامبەر کەلدا بنوێنن.

• هەڵوێستی حزبی ڕزگاری ئەو بارەوە چیە؟

ئێمە وەک حزبی ڕزگاری کوردستان شانازییەکی گەورە بە هەڵوێست و ڕامان و میژووی خۆمانەوە دەکەین، بێگومان لەوەی کە ئامادە نەبووینە بەرژەوەندی گەل و نیشتمان بخەینە خزمەت بەرژەوەندی حزب و ئەندامەکانیەوە، ڕاگەیان دنی حزبی ڕزگاری خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانپەروەرانە و خونەویستانە بوو، ئەوی ڕۆژی حزبەکانی هێڵی سێ لە ژێر گوشارەکانی دەسەڵات خۆیان نەدەگرت و بەرەو باوەشی حزبە دەسەڵاتدارەکان هەڵنەپان دەگرد و مەبەستیشیان هەوراز هەڵگشانی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان بوو، حزبی ڕزگاری دوو ڕێگای لەبەردەمدا بوو، یا ئەوەتا هەڵوێست و ڕامانی خۆی دریژە پێبدات و سەربەخۆیی سیاسی خۆی بپارێزێ و پشت لە بەرژەوەندی تایبەتی بکات، یان ئەوەتا بەرەو باوەشی زڵهێزەکان بڕوات و بەرژەوەندی خۆی مسۆگەر بکات و باکیشی بە شەڕی نێوخۆ و کێشەی گەل و نەتەوە نەبێت، بە شانازییەوە دەڵێم ئێمە ڕێگەی یەکەممان هەڵبژارد و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیمان بە کەس نەسپاردو بەرژەوەندی بالای گەل و نیشتمانمان کردە ئامانج، ئەم پەیوەندەدا باجی زۆرمان داوە، ئێستاش ئامادەین باجی زیاتر بدەین و دریژە بە تێکۆشانی خۆمان بدەین.

• بڕیار وایە پێنج حزبی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەیەک گرێبدەن، ئەمەر کارێکی وا، ڕای حزبی ڕزگاری چیە کە دەڵێن هەروەو دەسەڵات ئەو حزبانەی خستۆتە پەراوێزەوە؟

ئێمە ئاگامان لە کۆبوونەوەی ئەم حزبانە نیە وەکو ئەوانیش لەوە ئێمەگەران نین کە دەسەڵاتداران بمانخەنە پەراوێزەوە، چونکە لە چەمکی سیاسەتدا هەمیشە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆن هەن، ئەوانەی لە هەڵبژاردن دەرشاهن یاخود کەمینەن دەبێ لەگەڵ بڕۆچوون و ستراتیژی خۆیاندا ڕاستگۆ بن و سەنگەری ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە هەڵبژێرن بەڵام ئەو حزبانەی دەنگی پێویست ناهێنن و داواش لە دەسەڵات دەکەن کە بەشیان بدات، پێچەوانەی سیاسەتی ڕاگەیاندراوی خۆیان کایە دەکەن و ڕاستوخۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوە دەسەڵاتدارەکە بێ وڵاتیی یەکە و ئەوانی دیکەش پلە دووشەم هاوبەرکردنە جێگەی گلەیی و ڕەخنەیە نیشتمان نیشتمانی هەموومانە، هەموومان لە ئەرک و مافدا یەکسانین، چۆن بە یەکەوە تێکۆشاین و خەباتمان کرد پێویستە ئێستا هەموومان لە ئەرک و مافدا یەکسان بین، ئەم ڕوانگەیەوە ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرین، ئەگەر تا ڕەخنەمان لەوە نیە کە هەوڵی پەراوێزکردنی حزبەکانی دەڕەوەی دەسەڵات سەنگەری شەواندا بووینە و خزمەتیان بەوان کردووە، ئەگەر تا بۆ دەبێ حزبی ئۆپۆزسیۆن گلەیی لەوە بکات کە دەسەڵات بەشی نادات، من پێموایە ئەمەش بۆ بساوەر بەخۆنەبوون و کەمتوانایی دەگەڕێتەوە، حزبێک کە ئەگەر ئامانجی خزمەتکردنی گەل و نیشتمان بێت بەڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە هەوڵدەدات بە بەرنامەکانی خۆی مامڵانێ شەریفانە لەگەڵ دەسەڵاتدا بکات لە باشیەکان دەستخۆشیان لێبکات و ڕەخنەش لە کەموکوڕییەکانیان بگرێت، ڕۆژی دەسەڵاتدارێون و ئۆپۆزسیۆن لە یەک کاتدا وتەیەکی بێمانا و دوژمنانەیە ئێمە یان دەبێ بین بە بەشێک لە ئۆپۆزسیۆن و بەبەرنامە کێبڕکێن لەگەڵ دەسەڵاتدا بکەین یان ئەوەتا بە کردەوە خۆمان هەڵبوشتینەوە و بچینە نێو دەسەڵات، ئێمە گلەییمان لەوە هەیە کە دەسەڵات جیاوازی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ دادەنێ، دوو پلە بۆ وڵاتییوون قوت دەکاتەوە، ئەوەی ئەغامی حزبە دەسەڵاتدارەکە بێ وڵاتیی پلە یەکە و ئەوانی دیکەش پلە دووشەم هاوبەرکردنە جێگەی گلەیی و ڕەخنەیە نیشتمان نیشتمانی هەموومانە، هەموومان لە ئەرک و مافدا یەکسانین، چۆن بە یەکەوە تێکۆشاین و خەباتمان کرد پێویستە ئێستا هەموومان لە ئەرک و مافدا یەکسان بین، ئەم ڕوانگەیەوە ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرین، ئەگەر تا ڕەخنەمان لەوە نیە کە هەوڵی پەراوێزکردنی حزبەکانی دەڕەوەی دەسەڵات بدرێ.

• ئەمەسەر هەڵبژاردنی ڕابردوو یەکگرتنەوەی هەردوو ئیمدارەکەی هەرێم، بۆچوونی حزبی ڕزگاری چۆنە؟

هەڵبژاردن لە کۆمەڵگەی کوردەواری پێشینەیەکی باشی نەبووە بەداخەوە بەهۆی ململانێی حزبایەتیش دێرتر کراوە شەو ساختەکاری و فێلانەی لە ڕۆژی هەڵبژاردن ڕوویانداز مەنگی مەترسی بوون و گونجەکەی هەمووانی تاساند یاخود بە وتایەکی تر دەتوانین بڵێین خەنجەریکی هەساتکراوە لەسەر ملی دیموکراسی و شازادی ڕادەبڕین و مافی مرۆڤ دانراوە، هەرچەندە کوردستان لە بارامبەر بەغدادا پێویستی بە یەکگرتن و هەڵوێستی هەیە بەڵام دیسانەوە ناپێ بەم پاساوە ڕێگا لە حزب و لایەنی تر بگیرێت، یەکگرتنەوەی هەردوو شیدارە زۆر دوالکەوتووە، دەبوایە سالێک لەمەوبەر بە کردەوە یەکگرتنەوەیەکبخرایانەوە، چونکە ئاوان بەرلە هەڵبژاردنی سالێ ڕابردوو سوز و بەڵێنیان بە جەماوەر دابوو، ئێستا یەکگرتنەوە بۆتە دیفاکتۆ ناتوانرێ لامڵی لەگەڵدا بکرێ دەتا هێشتا پرۆسەی ئەم یەکگرتنەوەیە تەواو نیە چونکە زۆر درز و کەلێنی تێدایە و زیندووکردنەوەی پەتای فیلێتیە لە قاڵبێکی دیکەوە بە هەرحاڵ ئێمە دەستخۆشی لە یەکگرتنەوە دەکەین، چاومان لەسەر هەنگاوەکانی ئاهاتوش دەبێت.

*** ئەم هەڤپەیڤینە ڕۆژی ٢٧-١-٢٠٠٦ ئەنجامدراوە، بەڵام ڕۆژی ٢٠-٢-٢٠٠٦ لە ژمارە ١٦٤ی ڕۆژنامەی جەماوەردا بڵاوکراوەتەوە .**